هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٣

سالَی/ ٢٠٠٤- بەرگی سی و سێ

---

چاپی یەکەم/ سالَی ٢٠٠٤

# پێرِست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١) خولی گواستنەوە- یەك شەممە ٢٠٠٣/٤/٢٠ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢) خولی گواستنەوە- دوو شەممە٢٠٠٣/٤/٢١ ل١٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣) خولی گواستنەوە- سێ شەممە ٢٠٠٣/٥/٦ ل٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤) خولی گواستنەوە- دوو شەممە ٢٠٠٣/٥/١٢ ل٧٤

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥) خولی گواستنەوە- یەك شەممە ٢٠٠٣/٥/١٨ ل١١٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٦) خولی گواستنەوە- دوو شەممە ٢٠٠٣/٦/٩ ل١٥٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٧) خولی گواستنەوە- پێنج شەممە ٢٠٠٣/٦/١٩ ل١٦٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٨) خولی گواستنەوە- یەك شەممە ٢٠٠٣/٦/٢٢ ل١٧٤

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٩) خولی گواستنەوە-دووشەممە ٢٠٠٣/٦/٢٣ ل١٩٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٠) خولی گواستنەوە- یەك شەممە ٢٠٠٣/٨/١٠ ل٢٢٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣١) خولی گواستنەوە- سێ شەممە ٢٦/ ٨/ ٢٠٠٣ ل٢٢٨

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٢) خولی گواستنەوە- چوار شەممە ٢٧/ ٢٠٠٣/٨ل٢٤٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٣) خولی گواستنەوە- پێنج شەممە ٢٥/ ٢٠٠٣/٩ل٢٨٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٤) خولی گواستنەوە- شەممە ٤/ ٢٠٠٣/١٠ ل ٣١٦

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٥) خولی گواستنەوە- شەممە ١١/ ١٠/ ٢٠٠٣ ل ٣٢٦

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٦) خولی گواستنەوە- شەممە ١٨/ ٢٠٠٣/١٠ ل ٣٨٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٧) خولی گواستنەوە- شەممە ٢٥/ ٢٠٠٣/١٠ ل ٤١٤

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٨) خولی گواستنەوە- هەینی ١ ٢/ ٢٠٠٣/١١ ل ٤٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٩) خولی گواستنەوە- یەك شەممە ٧/ ٢٠٠٣/١٢ ل٤٦٦

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە، نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، بڕگەکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە چوارەم بخوێنەوە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعاً:

ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە، نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە چوارەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، بڕیارەکە هەموو دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو بڕیارەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، هەموو بڕیارەکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین.

خاڵی سێیەمی بەرنامەی کارمان، گفتوگۆ کردن لەسەر بڕیاری تایبەت بە سڕینەوەی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەب کردن لە کوردستاندا، ئێمە پێشنیار دەکەین ئەم خاڵە بکرێتە ئاخیر خاڵ، ئەگەر فریا کەوتین ئەمڕۆ موناقەشەی دەکەین، ئەگەر فریا نەکەوتین ئەیخەینە ڕۆژێکی تر، لەبەر ئەوە تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، خاڵی سێیەم تەئجیل دەکەین، دەیخەینە جێی خاڵی پێنجەم، ئێستا خاڵی چوارەم بوو بە سێیەم، پێنجەم بووە بە چوارەم، خاڵی سێیەمی تازە، خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری بڕیارێك بۆ ئەوەی کە ڕۆژی ئازادکردنی عێراق بکرێت بە پشووی ڕەسمی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، تکایە پرۆژەکە بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان- العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

قرار

استناداً الى احكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءا على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ٢٠٠٣ اصدار القرار الاتي:

اولاً:

يكون يوم / /  تحرير العراق من النظام الدكتاتوري القمعي عطلة رسمية في الاقليم.

ثانياً:

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

ثالثاً:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

رابعاً:

ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی یاسایی لەسەری.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بیروڕای لیژنەی یاساییتان بۆ دەخوێنینەوە دەربارەی ئەو بڕیارە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

کۆنوسی کۆبوونەوە

ڕۆژی ٢٠٠٣/٥/٨ لیژنەی یاسایی کۆبۆوە بە مەبەستی خوێندنەوە و گفتوگۆ کردن لەبارەی ناوەرۆکی نووسراوی ژمارە ك/٧٢ لە ٢٠٠٣/٥/٧ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، دەربارەی پرۆژەی ڕۆژی ئازاد کردنی عێراق، بکرێت بە پشووی ڕەسمی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، دوای لێدوان و تاوتۆ کردنی رای لیژنەکەمان و، تێبینی و پێشنیارەکانمان بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ ڕۆژی ئازادکردنی بەغدا، بکرێتە ڕۆژی ئازادی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەم جۆرە کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زۆر جاران ڕەئی دەدەین، بەڵام کە بیری لێدەکەینەوە ڕەئییەکە وەکو بڵێین بەڕێکی نایەتن، نەبەغدا لە ڕۆژی ٩ی مانگ ئازاد کرابوو، نە عێراقیش ئازاد کرابوو، بەڵام ڕژێمی بەغدا انهیاری کردبوو، نەمابوو، ئینجا دەبێت ئیعادەی نەزەر لەم مەوزوعە بکەینەوە و لە سیغەیەکی باشتری دابنێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ موقتەرحێك هەیە بۆ ڕۆژی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، عەینی رۆژی دابنێین، ئینجا انهیاری نیزام دابنرێت یان بە شکلەکی تر بێت، چونکە واقیعەکە بەم شکلە هاتووە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی ئەمڕۆ دیارە پەیکەری سەددام حسێن رووخا لە ناوەندی بەغدادا، یەعنی رژێم انهیاری کرد، یەعنی عەمەلیەن بەغدا ئازاد بوو، هەموو شتێك تەواو بوو، لە حەقیقەتدا ئەم رۆژە نیشانەکەی بەوە دەرکەوت، کە پەیکەرەکە رووخا، جا تەسەور دەکەم، ئیختیارێکی موەفەقە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانەش دەکەم کە تێبینیان هەیە، دەربارەی هەموو خاڵەکە با سەبر کەن تا موناقەشەی ئەو خاڵە دەکەین، ئێستا رەئیەکە رەئی لیژنەی یاسایی بوو لە مەوزوعی هەموو بڕیارەکە، تکایە خاڵی یەکەم لەگەڵ دیباجەکە بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی موناقەشە بکرێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

اولاً:

یکون یوم / / یوم تحریر العراق من النظام الدکتاتوري القمعي عطلة رسمیة في الاقلیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە پێی رەئی ئێوە موقتەرەحەکە بە کامل بخوێننەوە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ رۆژی ئازادکردنی بەغدا، بکرێتە رۆژی ئازادی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بە عەرەبییەکەی بیخوێننەوە بزانین دەبێت بە چی؟ چونکە موناقەشە لەسەر ئەم نوقتەیە دەکرێت، ئەگەر هەتانە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە عەرەبییەکەی نیتمان، بەلام بە عەرەبییەکە وای لێدێت، ئەگەر مەجالمان بدەن بخوێنینەوە.

اولاً:

یکون یوم ٩/ ٤ یوم تحریر بغداد من النظام الدکتاتوري القمعي عطلة رسمیة في الاقلیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە، با دەستیان بەرز کەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن، بەڕێز کاك احمد شریف، فەرموو.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کە پایتەخت گیرا، مانای وایە ولات هەمووی سقوت دەکات، ئیعتیادی بۆیە ئێمە ٤/٩مان داناوە، چونکە لە ٤/٩ سوپای ئەمەریکی بە تەواوی دەستی بەسەر زۆربەی ناوچە گرنگەکانی

بەغدا داگرت و، پەیكەری دیكتاتۆریان هێنا خوارەوە، هەموو تەلەفزیۆنەكانی جیهان پێشانیاندا، بۆیە ئێمە لە لیژنەی یاسایی كە ئەم بابەتەمان موناقەشە كرد، پێمان وابوو گرتنی بەغدا، داگیر كردنی جێگا گرنگەكان، هێنانە خوارەوەی پەیكەری دیكتاتۆر، بە رۆژی ئازادی عێراقمان دانا، ئەوە رەئی ئێمە بوو، جا نازانم برادەران رەئیان چییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك د. رزگار، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو ئەم برادەرەش بەحس كری و، جەنابێتەش كەرەم كری، كە فعلەن پایتەختێ رەمزێی خۆی هەیە، رەمزێكی سوڵتەیە، گرتنا پایتەختێ فعلەن دەلیلە بۆ انهیار سوڵتەی، دەلیلە كو ژی ئازادیێ، لڤێرێ من پێشنیارێك ژ هەی، خۆزگە تالەما مە كو ئیهتیمام پێ كری بۆ مە گرنگی پێدا ئەسبابەكی موجەبە، وەلەو دووسێ درش بۆ دانێین، بۆ مە ئەڤ رۆژەكە عوتلە لكوردستانێ، زۆر پێتكوڤی دزانم، كۆ ئەڤە ئەسبابێ موجەبە هەبت بۆ ئەڤ بڕیارێ.

دوو، كو زێدە تر فعلەن، ئەگەر قواتێ تەحالوفێ، فعلەن ئەوان ئازاد كردن عێراق، ئەگەر قواتێ تەحالوفێ داڤان، نابێت قەناعەتێ نە هێزێكی عەرەبی، نە ئیسلامی، نە ئەجنەبی، ممكنە نەبی داڤان كرنێ، وەكو راستی واقعی بێتە كرنێ، من پێشنیار دەكەم ئەڤ كەلیمە بێتە ئیزافە كرن، (من النظام الدكتاتوري القمعي من قبل قوات التحالف) و، یەعنی تەحدید بكرێت كە قواتی تەحالوف ئازادی كرد، ئەڤ رۆژانێ عێراقیش ڤێرێ سیستەمێیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك عماد احمد، فەرموو.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، بەراستی ئەم مەسەلەیە زۆر ملح نییە كە ئێمە ئێستا بڕیاری لەسەر بدەین، ئیمكانە جیاوازیشی هەبێت، بۆ نموونە ئەگەر بڵێین ۹ی مانگ، ۹ی مانگ هەر هەموو شارەكانی خۆمان وەكو كوردستان رزگار نەبوو، یەعنی ئێمە بۆ كەركووك موسڵ و، سنجار و، شوێنەكانی خۆمان كە ئەو كاتە ئێمە بڵێین بەو رۆژە فەخر بكەین و، ئەو شوێنەمان رزگار نەبووە، ئەوە لایەك، دوو، چاوەڕوان بكەین بزانین خەڵكی عێراقیش، ئێمە خۆمان لە زیمنی عێراقین، ئێمە رۆژێكمان دانا لە پەرلەمانی عێراقی داینده رۆژەكی تر بوو، خیلافێكە، من پێشنیاری ئەوە ئەكەم، كە جارێ سەبر كەین، ئەمە هینێك نییە، ئەگەر تەئخیری بكەین تەئسیرێكی هەبێت، بیهێلینەوە بۆ رۆژگارێك كە تەفاهوومێك لەبەینی ئێمە و لایەنە عێراقیەكەش هەبێت، رۆژێك ئیختیار بكەین، ئیحتیمالە رۆژی گرتنی سەددامیش ببێتە حادیسەیەك لە حاڵەتەكان، یەعنی شتێك بێتە پێشەوە، ئەوە باشترە لەوەی كە ئیمرۆ قەرارێك بدەین، كە ئیمكانە نەگونجێت لەگەڵ هینەكەی عێراقدا، یان خەڵك بە نەوعێكی تر تەفسیری بكات، بڵێت ۹ی مانگ خانەقین و، كەركووك و شت رزگار

نەبووە، چ فێرێکی پێ ئەکەن، من پێشنیارم ئەوەیە کە کەمێك دوابخرێت و، ملحیش نییە، یەعنی بڵێی تەئسیرێکی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بۆ کاك عیماد، بەڕێز ابراهیم سعید، فەرموو.

**بەڕێز ابرهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی کاك عماد قسەکانی منی گوت، کەوا هێشتا ١١مانگ ماوە بۆ عوتڵە، یەعنی ئەگەر ببێتە عوتڵە، بەس خۆی دوو جانبی هەیە ئەم بڕیارە، ئەگەر جانبی سیاسی وەرگرین، کەوا وەکو پەرلەمانی کوردستان وەکو شوکرەك و تەقدیرەك، بۆ ئەو ڕۆژانەی کە قواتی تەحالوف کە عێراقیان ڕزگار کرد، ئێمە ئەسبەقیەتێك لەوێ وەرگرین باشە، بەس ئەگەر لە جانبی فەنیی بێت، چ جانبی تەئریخی بیتن چ جانبی فەترە بیتن، ئەگەر جانبی فەترە وەکو گوتم، ١١مانگ هێشتا ماوە، بەلاّم وابزانم پێویستە نەڵێین عوتڵە ڕەسمییە، بڵێین عیدا وطنیا وعطلة رسمية)، بکەینە جەژنێکی نیشتمانیی، بۆ ناوی جەژنی نیشتمانیی نەبێتن لەلای ئێمە، بۆ چی بەس بەتەنها عوتڵەی ڕەسمی بیتن، وابزانم زیاتر بە قووەت ترە، ئەگەر بیکەینە جەژنەکی نیشتمانیی، بەنەزەری من ڕۆژی چ ٤/٩بیتن، یان پشتی ١٠ڕۆژ کە سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا(جۆرج بۆش) ئیعلانی ئینهائی عەمەلیاتی عەسکەری کرد، کە ئینهای عەملیاتی عەسکەری کرد، زۆر کەوتە دوای ٤/٩، تەقریبەن کەوتە نزیکی ٤/٢٠، هەرچەندە کەوتنی پەیکەرەکە ئیعلامی هەژاند، یەعنی دنیای هەژاند، بەلاّم ئەوی تر کە ڕەئیسی ئەمەریکا خۆی ئنهای عەملیاتی عەسکەری کرد، بەلاّم لەلای من زۆر زەرووریيە کە بکرێتە جەژنێکی نیشتمانیی، چونکە ئەم ڕۆژە بەڕەئی من لە ٤ای تەمووزیش موهیم ترە، چونکە گۆڕانکاری تێدا هەیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی حەقیقەت موناقەشەی مەوزوعەکە با بەم شێوەیە بێت، بکرێت یان نەکرێت، ئینجا نەڵێین مەسەلە ڕۆژێکی خۆشە یان ڕۆژێکی ناخۆشە، بکرێت یان نەکرێت، بەموختەسەریش، یەعنی شەرحەکان هەمووی دەزانین، من تەسەوڕ دەکەم هەموو بەڕێزەکان هەموو شەرحەکان دەزانن، زۆر بەڕێزیش ناوی خۆیان نووسیوە، بەڕێز کاك د. عز الدين مصطفى رسول، فەرموو.

**بەڕێز عز الدين مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەو رئیيەی کە وترا، من هەر ئەوەندە ئەڵێم ئەمە بۆنەیەکی عێراقییە، ڕاستە خۆی هەر بە تەنیا هی ئێمە نییە، کە ئێمە بەتەنیا جەژنێك بکەین، وا بزانم هی عێراقە زیاتر، چونکە بەشێکی زۆری کوردستان ئازاد بوو لەو کاتە، بەشێکی کەم مابوو ئازاد کرا، لەبەر ئەوەی چاوەڕێی پەرلەمانی عێراقی بین، بڕیارێك بدات، لە ئێستاوە پێشنیارێکیان بۆ ئامادە بکەین، چاکترە، جا ئەمەش کام ڕۆژە؟ جەنابت خەڵکی سلێمانی، لە سلێمانی دەڵێن، سەددام

وتویەتی ئەو پەیکەرەی کە رووخاوە هی من نییە، هی شەبیهەکەمە، بەڵام من رەئیم وایە دوای بخەین، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك عز الدین مصطفی رسول، بەڕێز کاك حاکم سەفەر محمد حسین، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

(یکون یوم / / یوم تحریر العراق من النظام الدکتاتوري القمعي عطلة رسمیة في الاقلیم.)، وابزانم (بعد انهیار النظام في بغداد) تکایە ئەو فەقەرەی بۆ ئیزافە بکرێت، جا عاسیمە ئەساسە بۆ تەغیری هەر رژێمێك، دووەم ئێستا ئەو قەرارە دەربکەین تەئجیلی بکەین، وابزانم ئێستا ئێمە با موبادەرە بکەین و، ئەو قەرارەی دەربکەین، پاشی ئەگەر حکومەتەك دامەزرا، ئەو کاتە ئەگەر دەیکاتە جەژنی وەتەنی یان عوتڵەی رەسمی، ئەو کاتە ئێمەش دەتوانین توزێك تەغیرێکی تێدا بکەین، بەڵام ئێستا ئێمە با موبادەرەیەك بکەین شتێکی زۆر باشە، تاریخییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ناکرێت بە عوتڵەی رەسمی لە عێراقدا، پێش هەموو شتێك دەکرێت بە عوتڵەی رەسمی لە هەرێمی کوردستاندا، جا وابزانم خراپ نییە ئەگەر ئێمە بە پێش پەرلەمانی عێراقی بکەوین، کە هێلکەیەکە نەکراوە هێشتا، بەڕێز کاك نیعمت عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز نعمت عبدالله پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو رۆژە تەحدید کردنی هێشتا رای هەمەلایانەی هەیە، هێشتا ساغ نەبۆتەوە، چ رۆژێکە یان چ رۆژێك نییە؟ بەڵام بەڕێز کاك عماد قسەی لەسەر کرد، ئەمە جارێ پەلەی لێنەکرێت، بزانین مەرکەزو ئەو حکومەتەی کە دێت چییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك صباح حسین عثمان، فەرموو.

**بەڕێز صباح حسین عثمان(بهمن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەم مەوزوعە تایبەتە بە هەرێمەوە، فعلەن رۆژی ٩ی مانگ رۆژی انهیاری نیزامە، ئەو نیزامەیە نەك رزگاری عێراقە، چونکە دوای ئەو تاریخە، کەرکووك ١٠ی مانگە دوای ئەوە مووسڵە، دوای ئەو تکریتە، زۆر لەو شوێنانە، پێم وایە لە رووی سیاسی هەموومان شعاری ئیسقاتمان وەکو دەڵێن شعاری ئیسقاتی هەدەفی خەڵکی کوردستان بووە، پێش تەحالوف پێشی ئەحزابی عێراقیش، بۆیە ئیحتیفال کردن بەو رۆژە بەس نەبێت، ناوی تەحریری عێراق، بەس ئیشارەتدان بە رووخانی رژێم، ئەو ئامانجە بەدی هاتووە، رووخانی رژێم ئیختیسار کەین، پاشی

هیچ ئیلتیباسی قانونی له موستەقبەلی عێراق بۆ ئێمە دروست نابێت، لە پەرلەمانی ئایندەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك بەهمەن، بەڕێز کاك محمد امین چەمچەمالی، فەرموو.

**بەڕێز محمد امین عبدالحکیم چەمچەمالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکان هەمووی شتی باشیان لە پیشتەوەیە، بەلام ئیعتیباری ئەم رۆژە، بەرۆژێکی وەتەنی یان جەژنێکی نیشتمانیی، بەڕەئی من شتێکی باشە، خراپ نییە، چونکە ئێمە قانونەکانمان بۆ ئێرە دەردەکەین، بۆ هەرێمی کوردستان نەك بۆ سەرجەمی عێراق، بەلام من پێم وایە سیغەکە وای لێبێت(یعتبر یوم ٩/ ٤/ یوم تحریر العراق من النظام الدکتاتوري )، یەعنی ئیعتیباری ئەو رۆژە بکەین، بە رۆژی تەحریری عێراق، ئینجا دوایی بڵێن (ویکون عیداً وعطلة رسمیة)، ئەو پێشنیارەم بەلاوە چاکە و، لەگەڵیشیام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك محمد امین، بەڕێز کاك شێخ مەزهەر، فەرموو.

**بەڕێز مزهر علی مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا ئەو پێشنیارە من کردم، بەلام من نازانم (٩)ی مانگ رووخانی رژێمی رەفتار فاشی بەغدا بوو، پێم وا نییە، ئەگەر بەیانی پەرلەمانی مەرکەزیش دابنرێت (١٠)ی مانگ دابنێت، پێم وایە ئەوانیش هەر (٩)ی مانگ دادەنێن، جا بۆیە من هەر پێم چاکە (٩)ی مانگ بکرێت بە پشووی رەسمی و یادەوەری رووخانی رژێمی رەفتار فاشی بەغدا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك شێخ مەزهەر، کاك رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژا (٤/٩) رۆژا رووخاندنا پەیکەرا سەددام حوسێنێ، رۆژا رووخاندنا کیمیاوییە، رۆژا رووخاندنا زیندانانە، رۆژا نەمانا ئەنفالانە، ئەز دبینم رۆژەکا ستێرەکا گەش ل عاسمانێ عێراقیدا هەلات و، ئەز دبینم کە رۆژەکا دیرۆکیە، یان لە مێژووە ئیدت دیرۆکە عێراقدا، دبینم کە ببێتە جێژنەیێکا نیشتمانیی و، ببێتە عوتلەیەکی رەسمی و، پێشنیار دکەم بێژن (یکون ٤/٩ یوم تحریر العراق من النظام الدکتاتوري القمعي عیداً وطنیاً وعطلة رسمیة) و، لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك رەجەب شەعبان، بەڕێز کاك سەعدی فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موناقەشەکەی ئێمە لێرە بە ئیتیجاهێکی نادروست دەڕوات، ئێمە موناقەشەکەمان لەسەر ئەوە نییە، نیوەمان موخالیفین و، نیوەمان موافیقین، موناقەشەکەمان لەسەر ئەوەیە، ئەم بۆنەیە، بۆنەیەکی عێراقیە، ئێمە لێرە بڕیارێك بدەین، سبەینێ لە مەرکەز بڕیارێکی تر بدرێت، خۆ ناکرێت ئێمە لە یەك وڵات بۆ یەك ڕۆژ دوو بڕیارمان هەبێت، بۆ ئەوەی ئێمە ناچار نەبین ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنینەوە، من پێم وایە لەجیاتی بڕیار بیکەینە پێشنیار، پێشنیار دەکەین کە ڕۆژی (٩)ی مانگ بکرێت بە ڕۆژی ئازادی، چونکە لە ڕۆژی (٩)ی مانگ ڕژێم ئینهیاری کردووەو، دەستپێك بۆ ڕووخانی ئەو ڕژێمە، دەرکەوتووە بە ڕووخانی پەیکەری سەددام، چونکە موناقەشەکە بەوە دەڕوات، وەکو تەعریفی ئەو ڕۆژە دەکەن، کە ئەو ڕۆژە چەند گرنگ بووە، هەمووومان دەزانین ئەو ڕۆژە زۆر گرنگ بووە، بەڵام ئەم پەرلەمانەمان هەیە، خۆ ئێمە هەموو ڕۆژ ناتوانین بڕیارێك بدەین و دوو بەیانی تەعاروز دەربکات لەگەڵ شتێکی مەرکەزی و لێی پەشیمان ببینەوە، یان وەکو کاك عیماد وتی ئەو مەوزووعە تەئجیل بکەین، چونکە مەوزووعێکی ئانی نییە، یان لەجیاتی بڕیار بیکەینە پێشنیار، ئەو دوو مەوزووعەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك سەعدی، بەڕێز کاك د. نیاز فەرموو.

**بەڕێز د. نیازجمیل میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران زۆر باسی ئەو مەوزووعەیان کرد، هی منیش هەر هەمان شتە، بەڵام منیش بەڕاستی ڕۆژەکەم زۆر لەلا دیار نییە، چونکە مومکینە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان ڕۆژی دەست پێ کردنی ئۆپەراسیۆنەکەیان پێ ڕۆژی تەحریر بێت، مومکینە پەرلەمانی پاشەڕۆژی (بەغدا) عێراق یەعنی ڕۆژێکی تر دابنێت، ئینجا لەبەر ئەوە مەسەلەی پەیکەرەکەش، خۆ پێش پەیکەرەکەی بەغدا لە بەسرەش پەیکەری سەددام ڕووخاندرا، لەبەر ئەوەی پێم باشترە یەکەم جار ئەوهای لێ بێت (یکون یوم ٢٠٠٣/٤/٩ یوم تحریر بغداد من النظام الدکتاتوري القمعي عیداً قومیاً وعطلة رسمیة في الاقلیم)، یەعنی شتێك وا تایبەت بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ د. نیازی، بەڕێز کاك د. ئیدریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا عێراق هەمووی ئازاد کراوە، بەڵام حکومەتی کاتی بەم زووانە تەشکیل دەبێت لە بەغدا، مومکینە دوو هەفتە یان سێ هەفتەی تر لە ماوەی ئەم مانگە، ئێمە کۆکین لەسەر (٩)ی مانگ، بەس مومکینە خیلافێ هەبێت لەگەڵ ئەوان چ ڕۆژێك دادەنێن، هەر بڵێین (یوم تحریر العراق من النظام الدکتاتوري القمعي عطلة رسمیة)، یەعنی (٩)یەکە دانەنێین، ئەوجا ئەوان چ ڕۆژێکیان دانا، ئەو کات ئەو ڕۆژە دەبێتە پشوویەکی ڕەسمی، بەڵام ئەگەر وا نەبێت، دەبێت ئەوە بکرێتە

دوو فەقەرە یەکەمیان تەحدیدی (٩)ی مانگ بکەین بە (یوم تحریر العراق)، دووەم فەقەرەی ئەلف و بای هەبێت، ئەو رۆژە بکرێتە پشووی رەسمی، هەردووکیان دەمج کراوە لە یەك خاڵ، یەعنی یان دەبێت ئێمە فەقەرەی یەکەم ( یوم تحریر)ەکە بکەینە پشووی رەسمی بەبێ ئەوەی تاریخەکە بڵێین، ئەگەر تاریخەکەمان گوت، تاریخەکە بکەینە (یوم تحریر)، ئەوجا ئەو رۆژی تەحریرە بکەینە پشووی رەسمی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ د. ئیدریس هادی، بەڕێز کاك سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەم ئەوە بوو، لە فەقەرەی یەکەم نووسراوە (یکون)، لەباتی (یکون) بکرێتە (یعتبر یوم ٤/٩ عطلة رسمية) و، بێجگە لەوەش بە قەناعەتی من ئەو بڕیارە دەربچێت باشترە، چونکە ئەگەر ئێمە چاوەڕێ بکەین پەرلەمانی عێراقی دابنرێت، پەرلەمانی عێراقی جارێ هەتا دوو ساڵ فەترەی ئینتیقالیە، هەتا ئینتیخابات دەبێت و، هەتا پەرلەمان دادەنرێت، یەعنی نەك (١١) مانگ، بەڵکو مومکینە دوو ساڵی زیاتر پێ بچێت، باشە ئەگەر موناسەباتی ئەو رۆژە هاتەوە دووبارە، ئایا ئێمە چی دەکەین؟ ئاهەنگ ناگێڕین بەو رۆژە خۆشە لە چەنگ دیکتاتۆر رزگار بووین، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك سەعید یەعقوبی، بەڕێز کاك سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین (سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ پێشەکی حەز دەکەم باسی خۆمان بکەین وەکو سەلاحیات، ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا ئەم بڕیارە دەردەکەین و، لێرە نافیزە، پێم وایە هیچ تەعاروزێکیش دروست ناکات، سبەی رۆژ مەرکەز بڕیارێك دەدات، ئێمە وەکو هەرێمێکی فیدراڵی بەگوێرەی ئەو عورفانەی کەوا هەنە سەلاحیاتی خۆمانە بڕیارێك دەربکەین و مومارەسەی بڕیاری خۆمان بکەین، ئەوە یەك.

خاڵی دووەم: دەربارەی فەقەرەی یەك بۆ صیاغەکەی من پێم باشە بەم شێوەیە بێت ( يعتبر يوم ٤/٩ يوم إنهيار النظام الدكتاتوري القمعي ويكون عطلة رسمية في الاقليم) یان ئاهەنگ دەکرێت، یان هەر جۆنێك دادەنرێت، بەس ئیعتیبار بکرێت (٤/٩ يوم إنهيار النظام الدكتاتوري القمعي) لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك سیروان کاکەیی، ئەوانەی ناویان نووسرا بوو هەموو قسەیان کرد، فەرموو کاك لەتیف.

**بەڕێز لطیف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پرۆسەی ئازادی کوردستان و عێراق، دۆزینەوەی ئەو بیردۆزەیەی، کە دۆزراوە بەو شێوەیە عێراق ئازاد بکرێت و، کوردستانیش لەگەڵدا بێت و، بوونی بۆ تەنفیز کردن، جێ بەجێ کردنی، کە جێ بەجێش کرا، ئافەرینەیەك وەك شێوەی جائیزەیەك لە جائیزەکانی مافی مرۆڤ و، یان لە شێوەی جائیزەی نۆبل و ئەوانە، ئافەرینەیەك بدرێت بەو کەسانە، یان بەو لایەنانە، یان ئەو کەسانەی لەناو چەند لایەنێك بوون، کە توانیان قەناعەتی نیوەی جیهان بێنن، یان ئەوانەی کە توانیان هەموو قەناعەتی جیهان بێنن، شتەکەیان بە کردەوە جێ بەجێ کرد، ئەوانەی ئەو بیردۆزەیان دۆزییەوە، جا کەسەکان کورد بن لە چەند لایەنێك بن، یان چەند لایەنێك بن، ئافەرینەیەکیان لێ بدرێت و شێوە جائیزەیەکیان هەبێت، وەك جائیزەی نۆبل و ئەوانە، چونکە ئەوە هەموو مافەکانیان کۆکردەوە، مافی مرۆڤ و، مافی ئاشتی و، مافی تەحریر و، مافی ئافرەت، هەموو شتەکانی تێدا کۆبووتەوە، لەگەڵ ڕێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك لەتیف، قسەی زیادی تیا ناکرێت، مەوزووعەکە ئەوە نییە، ئەگەر حەز ناکەن بیکەین بە پشوو، ناکەین بە پشوو، پێش ئەوەی کاك شێروان جەنابت قسە بکەی، لە حەقیقەتدا ئێمە وا لێرە دانیشتووین، جارێ پێش هەموو شتێك نیزامێك هەیە ئیشی لەسەر دەکەین، بەپێی پێشنیاری پەرلەمانی بەڕێز، کە داوای کرد ئەو ڕۆژە بکرێت بە پشوو لە کوردستاندا، مەوزووع خرایە جەدوەلی ئەعمالەوە، داوا کرا کە دە ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پرۆژەیەك تەقدیم بکەن ئیمزای لەسەر بکەن، لە هەردوو کوتلە، دە ئەندامی بەڕێز خۆیان هیلاك کرد و پرۆژەیەکیان ئامادە کرد و ئیمزایان لەسەر کرد، پاشان خوێندنەوەی یەکەمی کراوە لە پەرلەمان، کە پرۆسەکە ڕۆیشتووە، تەحویلی لیژنەی ئەساسی پەرلەمان کراوە، کە لیژنەی یاساییە، لیژنەی یاسایی نەك ئیعتیرازی لەسەر نەبووە، بەڵکو تەسنیەی کردووە، تەئکیدی کردووە، بۆیە خراوەتە جەدوەلی ئەعمال، بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەمە کە واجیبی ئێمەیە بەڕێوەی دەبەین، ئەو پرۆسە بەڕێوە ببەین، ئەوە یەکێکیان.

دوو/ ئێمە بڕیارەکە و پێشنیارەکە بەو شێوەیە نییە، بکرێت بە جەژنی نیشتمانیی، یان قەومی، یان نازانم چی عێراقی، بەڵکو ئەو ڕۆژە لە کوردستاندا ئیعتیبار دەکرێت بە ڕۆژی ئازادی عێراق، ڕۆژی تەحریری عێراق و، لە کوردستاندا ناو دەنرێت بە ڕۆژی ئازادی، دەکرێت بە پشوو لە کوردستاندا، هیچ عیلاقەی بە شوێنی ترەوە نییە، شوێنی تر ڕۆژی تر دەکات، ئەو وەختە ئێمە ئەو ڕۆژەش دەکەین، یان ناکەین پەیوەندی بە ئێمەوە دەبێت، یەعنی لە ناحیەی قانونییەوە هیچ ئیشکالێکی تێدا نییە.

خاڵی سێیەم/ کە لەلای من لە هەمووی گرنگترە، لە حەقیقەتدا ئەگەر بیری لێ بکەینەوە هەر یەکێك لە ئێمە و، هەر یەکێك لەوانەی دانیشتوون بیر لە هەموو پرۆسێسی شەڕەکە بکەینەوە، یەکەم ڕۆژ کە شەڕەکە دەستی پێ کرد، تا ئەمڕۆ چاومان بنوقێنین چی دەبینین، پەیکەرەکەی سەددام دەبینین، کە رووخاوە هاتۆتە خوارێ، هەندێ کەسیش دەبینین کە رای دەکێشن، یان بە

نەعل پیای دەکێشن، کومەی خۆشی ئیشەکە هەمووی ئەوە بووە، جا ئەوە لە حەقیقەتدا هەموو کوردێك هەستی بەوە کردووە، هەموو کوردێك خۆشیەك چووە بەدڵیدا، ئەوە ڕۆژێکی خۆشی و ئازادییە، ئینجا دەتانەوێ بیکەن بە پشوو لە کوردستاندا، بەدەستی ئێوەیە بڕیاری لێ بدەن، ناشتانەوێ بیکەن بە پشوو لە کوردستاندا، هەر بەدەستی ئێوەیە بڕیارەکەی لێ بدەن و، هیچ ئیشکالێکیش نییە، بڕیارەکە سەر دەکەوێت، یان سەر ناکەوێت عایدی خۆتانە، بەڕێز کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو ماوەیە ئێمە زۆر دەست پێشخەریمان کردووەو، خوا وای کردووە لە هەمووان موەفەق بووینە، بە تەسەوری من لەوەش ئێمە دەست پێشخەری بکەین و، بیکەین بە پشوو و، مەردودیشی بە ئیجابی دەگەڕێتەوە سیاسیەن بۆ سەر ئێمە، بۆ هەر ئێمە مەقەلید بین، بزانین بەغدا چی دەکات، ئێمەش بیکەین، با ئێمە بیکەین، ئەوان سەیری ئێمە بکەن، یەعنی بۆ ئێمە ڕاوەستین، ئەوان ڕۆژێك تەحدید بکەن، یان نەکەن، بۆیە بە تەسەوری من ئێمە بیکەین بە پشوو زۆر ئیجابی دەبێت و، ئێمە پێشنیارێکمان گەلاڵە کردووە، ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێیان پەسند بێت دەیخوێنینەوە، با بدرێتە دەنگدان، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك شێروان، فەرموو بیخوێنەوە، جارێ بیخوێنەوە، دەنگدانەکە بیری لێ دەکەینەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(یکون یوم او یعتبر یوم ٢٠٠٣/٤/٩ یوم تحریر العراق من النظام الدکتاتوری القمعی عطلة رسمیة في اقلیم کوردستان العراق ویسمی بیوم الحریة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم کیفایەت موناقەشەی لەسەر کرا، بەس ڕێگا دەدەین بە دوو بەڕێز لە هەر کوتلەی یەکێکیان، بەڕێز کاکە عیماد با قسەی تیا بکات.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە دەڵێین ڕۆژی تەحریری عێراق، ئەو ڕۆژە کە بە (٩)ی دادەنێین، من شارەکەی خۆم خانەقین لە ژێر دەستی حکومەت بووە، کەرکووکی قودسی کوردستان و دڵی کوردستان لەژێر دەستی حکومەت بووە، جارێ ڕزگار نەبووە، من چۆن دەتوانم ئەو ئیعتیبارە بۆ هەموو عێراق دابنێم و، ئەو شارانەی خۆمیش، کە شاری کوردستانن جارێ ڕزگار نەکراوە، من دان بەوە دابنێم کە ڕزگار بووە، یەعنی هەتا کە من دەڵێم من لەگەڵ بڕیارەکەم، بەس ئایا ئێمە شتێك بکەین وازیح بێت، ئەگەر تۆ دەڵێی ڕزگار کردنی بەغدا، قەیدی ناکات ئەوە ئیعتیبارە، بەس بڵێی

عێراق بەشەکەی خۆم رزگار نەبووە، منداڵێك لە کەرکووك دەڵێت ئەو رۆژە لە کەرکووك بەعسیەکان لێرە بووینە، جاریَ نەهاتوون، بۆ ئەم رۆژە دانراوە، من هەر پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەگەر بڕیارەکەش دەدەن بیکەن بە بەغدا، بیکەین بە رووخاندنی نیزام، یەعنی شتێك بکەین کە ئیعتیبارێك هەبێت، ئێمەش هەندیَ جار دەڵێین با دەست پێشخەری بکەین، یەعنی هەندیَ جار هەیە ئێمە کامل و وازیح شتەکەمان بێت لەوە باشترە کرچ و کاڵ بێت بەیانی یان دوو بەیانی دەستکاری لیَ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك عیماد، تکایە قسەی تیا مەکەن بەڕێز کاك کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٩)ی مانگ کە نیزام لە ساحە نەما، خۆ فیعلەن نیزام لە ساحە نەما، جگە لەوەی کە نیزام رووخا و ئینهیاری کرد نیزام لە ساحە نەما و، ئەو شارانەی کە ئێستا ئێمە ناوی لیَ دەنێین تەحریر، ئێمە نەچوو بووین، ئەگینا تەحریر ببوو، چونکە تەقریبەن تەقە لە عێراق نەما بوو، تەقریبەن پاشی (٩)ی مانگ تەقە لە عێراق نەما بوو، ئەوە یەك.

دووەم: ئەگەر ئێمە ئیعتیبارێك بۆ قوواتی حولەفا بکەین، ئەوان ئیعلانیان نەکرد، مومکینە هەندێك ئیعتیباراتی قانونی دەولی بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرا بێت، چونکە لەوانەیە هەندیَ مەسەلەی ئەسیرەکان هەبووە، مەسەلەی ئیتیفاقی جنێف هەبووە، ئەوان ئیعلانیان نەکرد، بەلاَم (٩)ی مانگ مەوزووعەکە تەقریبەن هەموو شتێك کوتایی پیَ هات، تەقەك لەویَ، یان دوو تەقە ئەوە ئیعتیبار ناکرێت، کە تەحریر نەبووە، لەبەر ئەوەی بە رەئی من لە

(٩)ی مانگ عێراق تەحریر بووە، هیچ مەشاکیل نەما، چونکە نیزام لە ساحە نەما، لەبەر ئەوەی ئەو پێشنیارەی برادەران کردیان بڵێین ئیعتیباری بکەین (یعتبر یوم ٢٠٠٣/٤/٩ یوم تحریر العراق ویکون عطلة رسمیة في العراق)، ئەوجا چ ناوی لیَ دەنێین بە (اسم الحریة) شتێکی زۆر جوانە (یوم الحریة)، چونکە لە ئەساسەوە حەملەکە حەملەیەکی حوریەی عێراق بوو، لەبەر ئەوەی ناوی لیَ بنێین (یوم الحریة) شتێکی زۆر جوانە، لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك کاکەڕەش نەقشبەندی، گوتمان رێگا دەدەین لە هەر کوتلەیەك یەکێك قسە تێدا بکەن، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، بەس بۆ کاك سالار رێگا دەدەین فەرموو.

**بەڕێز سالار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەش بە حاڵی خۆم زۆرم بەلاوە گرنگ نییە بکرێت، یان نەکرێت لەڕاستیدا، بەلاَم کە ئەشیکەن شتێکی وا، با ئەوەندە تۆخی نەکەینەوە بەڕاستی، (عید الحریة) بەنیسبەت منەوە وەکو کورد، ئەوە (عید الحریة) شتێکی ترە، لەبەر ئەوە لەویَ (عید الحریة)یەکەی لابەن، با پشووی

رەسمی بێت، یان شتێك بێت، ئەوە واریدە لەبەر ئەوە تۆخی نەکەینەوە بەو دەرەجەیە، چونکە دنیا هەر وا نابێت، نازانین چۆن دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك سالار، (یوم الحریة) لایبەن، ئەگەر ئێوە مانعتان نییە، بیخنوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموو بیخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اولاً: یکون یوم ٤/٩ یوم تحریر العراق من النظام الدکتاتوري القمعي عطلة رسمیة في اقلیم کوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە خاڵی یەکەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، چوار دەنگ دژی بوو، زۆر سوپاس، خاڵی دووەم تکایە.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

ثانیاً: لا یعمل بأي نص یتعارض وأحکام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو خاڵە؟ تێبینی نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە خاڵی دووەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، خاڵی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، خاڵی سێیەم.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

ثالثاً: علی مجلس الوزراء تنفیذ أحکام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو خاڵە؟ تێبینی نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە خاڵی سێیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، خاڵی سێیەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، خاڵی چوارەم تکایە.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

رابعاً: ینفذ هذا القرار إعتباراً من تأریخ صدوره وینشر في جریدة وقائع کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە خاڵی چوارەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، خاڵی چوارەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا. هەموو بڕیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، بەس لێرە پرسیارێکمان هەیە، ئایا بڕیار بێت یان قانون؟ لیژنەی یاسایی، عادەتەن پشوو بە قانون دەکرێت.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ با بە قانون بێت، هیچ ئیشکالی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی هەیمەنەتی هەیە لە مەوزووعەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو یاسایەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاسایەکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە هەموو یاسایەکە پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، پێنج دەنگ دژە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاستان دەکەم.

خاڵی چوارەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری بڕیارێکی تایبەت دەربارەی دیاری کردنی چارەنووسی یاسایی دەست و پێوەندەکانی ڕژێمی دیکتاتۆریی پێشوو، کە لە (٤/٩)دا ڕووخا، تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی ماف مرۆڤ دەکەم بفەرمووێتە سەر سەکۆیەکە، ئەندامێکی بەڕێز با دوو ئەندامی بەڕێز هیچ موشکیلە نییە، هی ماف مرۆڤ، لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان دەربارەی پرۆژەی بڕیارەکە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی ئەسڵی ئیحالەی ئێمە کراوە، لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە، دوای ئەوەی کە موناقەشەمان کرد و، گفتوگۆمان لەسەر کرد، بەشێوەیەکی تێرو تەسەل، ئێمە پێشنیارێکمان ئامادە کردووە، ئەو پێشنیارە، پێشنیارێکی تەفسیلییە و، داوا دەکەین لە دەستەی سەرۆکایەتی کە بخرێتە موناقەشە، بۆ ئەوەی لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە گفتوگۆی لەسەر ئەو پێشنیارە بکرێت و، بڕیاری گونجاوی لەسەر بدرێت، ئەگەر ئیجازەمان بدەیت پێشنیارەکە بە کامیلی بخوێنینەوە، پاشان پێشنیارەکە فەقەڕە بە فەقەڕە بدەینە موناقەشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شێروان حەیدەری.